## یەکەم: لقی پێناسەی

1- گوندی چرمۆ 2- شەری شەنگال 3- راپەرینی میللی مانانان 4- ئۆتۆحیگال 5- لولوبیەکان

1- ئەشکەوتی قزقبان 2- شەری گۆرگمیل 3- سوبارتوی مەزن 4- دیاکۆ 5- نامەکانی تل العمارنە.

## دووەم: لقی بۆشایی:

1- شێوازی تۆمارکردنی مێژوو لە سەردەمی کاشییەکان ...........................................

**2-** بەگوێرەی نووسینە میخییەکان سووبارییەکان دوو بەش بوون

یەکەم..................دووەم......................

3- وشەی گوتیەکان بە مانای .............. لە سەرچاوە مێژوییەکاندا هاتووە.

4- بەهاتنی توێژەری ئەمریکی مدام کاروود لە سالی 1928ز پشکنینە شوینەواریەکانی ناوچەی کوردستان بەتایبەتی لە ............ دەستی پێکرد.

5- شێوازی تۆمارکردنی ناوی پاشاکانی گوتی لە دەقە سۆمەریکاندا بریتی بوو لە ..........................................

6- دوو ئەدگارەکانی شارستانیەتی کاشییەکان بژمێرە یەکەم...............................

دووەم...............................

7- پایتەختی میتانیەکان بریتی بوو لە ..........................

8- لە سالّی 1949ز جارێکی تر هەڵکوڵینەوە لە لایان ............ مامۆستای انثربولوجي لە زانکوی فلادلفیا ئەمریکی لە ئەشکەوتی هەزار میرد ئەنجام درا بەهاوکاری بەرێوبەرایەتی شوێنەواری بغداد ئەوە بوو بە مەودای دوزینەوەی چەند چینێکی شوێنەواری وەك چینی A-B-C.

## سییەم: لقی هوکار

1- دورست بوونی هاوپەیمانی نێوان میدییەکان وکلدانییەکان لە ڕوخانی ئەمپراتۆریەتی ئاشوری؟

2- ڕوخانی دەسەلاتی گوتییەکان؟

3- کوچی هۆزەکانی هیندۆئەوروپی؟

4- لە ناوچوونی دەسەلاتی دەوڵەتی تیریکان؟

## چوارەم: پرسیاری جیاواز

پ/ ناوی نوسەرو ناونیشانی پێنج سەرچاوە نووسراوەکان(کتاب) مێژووی کۆنی کورد بنوسە؟

پ/بەراوردی نێوان پەیوەندی میتانیەکان ومیسر وپەیوەندی میتانیەکان وئاشوریەکان بکە؟

پ/ ناوو ناونانی کوردستان لە دیدی مێژوونوسانی یۆنانی روون بکە؟

پ/ پاڵپشت بەم دەقە مێژوویەی خوارەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە؟

((سەرکردەی گەنجی ئەغریقی (ئەسکەندەری مەقدونی 336-323پ.ن) توانی دەسەڵاتی وەڵاتی یونان ومەقدونیا بگریتە دەستی خۆی، وتوانی سوپای ڕێکبێخیت ولەو کاتەدا خۆی بۆ هێرشبردنە سەر ئاسیا ئامادەکرد ،وسەرکەوتنی بە دەست هینا لە ئاسیای بچووك ووەڵاتی شام ومیسر وهەموو بنکە ئەخمینیەکان لایبرد)).

1- بارودۆخی کوردستان وشەری نێوان ئەسکەندەرو ئەخمینیەکان؟
2- دەقە نامەکانی نێوان ئەسکەندەر وداریۆش شرۆڤە بکە؟
3- کاریگەری شارستانیەتی ئەغریقی لەسەر کوردستان؟

پ/ لە بارەی نەژادی کورد زۆر بیرو بۆچونی جیاوازو سەرەنج راکێش هەیە باسیان بکە، ووەلامی خوت بە سێ سەرچاوەی نووسراو(کتێب) دەوڵەمەندی بکەوە؟

پ/جیاوازی نێوان بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی ئەخمینی وبارودۆخی کوردستان لە سەردەمی ساسانییەکان دیاربکە؟

پ/ باسی ناوو ناونانی کوردستان لە دیدی سۆمەریەکان وئەکەدییەکان بکە؟

پ/ پاڵپشت بەم دەقە مێژووییەی خوارەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە؟

((لە هەزارەی یەکەمی پ.ز گۆرانکاری سیاسی گەورە دورست بوو لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کۆن بە گشتی وکوردستان بە تایبەتی ، ئەوەش بوو هۆی گۆرینی بالانسی هێزی سیاسی لە ناوچەکەدا)).

4- ئاشورییەکان وهۆکاری لەشکەر کێشیان بۆ سەر وەڵاتی کوردان؟
5- دەوڵەتی ئۆرارتۆ ومانانان وپەیوەندیەکانیان ؟
6- فاکتەرەکانی هاوپەیمانی میدییەکان وکلدانییەکان شرۆڤە بکە؟